www.kurdistannet.org
14/05/2002 19:24

## مەسئولیەتی دیاردەی تیرۆریزم لەکوردستان لەئەستۆی کێ دایە؟؟

ابوبكر احمد سلێمان

لەدوای روداوەکەی ئاوایی خێڵی حەمە،کەتاقمی تیرۆریستی جندالأسلام بەوەحشیانەترین شێوە،کۆمەڵێك پێشمەرگەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان یان قەتڵ وعام کرد،ناوەرۆکی کۆنەپەرستانەوشوناسنامەی ئەم تاقمەوەك یەکیك لەباندەتیرۆریستەکانی جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران لە کوردستانی عێراق بۆهەمولایەك زیاترئاشکرابو،بەسەدان هەزارلەخەڵکی کوردستان بۆرسواکردن ومەحکوم کردنی ئەوتاوانە وبەدروشمی وەدەرنانی سەرجەم باندەتیرۆریستەکان لەکوردستان،بەنارەزایەتی یەکی کەم وێنەوەرژانەسەرجادەکان، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەژێرفشاری حەرەکەتی ئیعترازی جەماوەری خەڵکی کوردستانداوبەمەبەستی دامرکاندنەوەی رق وتورەیی ئەوان لەبەرامبەرتیرۆریستانی ئیسلامی سیاسی، بەڵێنی بەخەڵك وپێشمەرگەکانی خۆیداکەئیترتیرۆریستان لەکوردستان ریشەکێش دەکات،بەلآم لەژێرفشاری راستەوخۆی جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێراندا،یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەگەڵ تاقمی جندالأسلامداکەوتەسازشەوەوچاوپۆشی کردن لەوجینایەتەکەم وێنەیە کەلەدژی پێشمەرگەکانی خۆی بەدەستی ئەوتاقمە تیرۆریستە ئەنجام درابو ،بەپێی چاوپێکەوتنێکی (عبدالرحمان عبدالرعیم ) ئەندامی بزوتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عێراق بۆهەفتەنامەی (هاولاتی )کەلەژمارە(٦٩)دابلاوکراوەتەوە،باس لەوەدەکات کەیەکەم کۆبونەوەی نەهێنی تاقمی جندالأسلام ویەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەماڵی ئەوان کراوە،مەرجی (ی ن ك)لەم سازشەدابۆچەواشەکردنی سەرنج ورای گشتی خەڵکی کوردستان ورازی کردنی ئیتلاعاتی ئێران تەنهائەوەبوکە جندالأسلام ناوی خۆی بگۆرێت،ئیترجندالأسلام ناوی خۆی گۆری بۆ(پشتیوانانی ئیسلام لەکوردستان)( پاك)وبەم جۆرەکێشەی ئەوتاقمەتیرۆریستەویەکێتی نیشتیمانی کوردستان ماوەیەك بوپەردەپۆش کرابو،ناوبەناویش لەرێگای کۆبونەوەی راستەوخۆ و بەسەرپەرشتی  جمهوری ئیسلامی ئێران وئامادەبونی نوێنەریی بزوتنەوەی ئیسلامی لەکوردستان خەریکی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی یەکانی هەردو لابون،ئاخرین کۆبونەوەی ئەوتاقمەتیرۆریستەو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ، کۆبونەوەی رۆژی ٢٠٠٢/٤/١ بولەگوندی(خارگێلان)لەئێران تەنها یەك رۆژبەرلەهەوڵە تیرۆرکاری یەکەی تیرۆریستان بۆسەرماڵی سەرۆکی حکومەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان،ئیتردوای پەلامارە تیرۆکاری یەکەی رۆژی ٤/٢ /٢٠٠٢بۆسەرماڵی (بەرهەم ساڵح)کەیەکێتی نیشتیمانی کوردستان یەکێك لەپەلامار بەرەتیرۆریستەکانی بەبرینداری دەستگیرکردبوودواتریش دەیان ئەندامی ئەوباندەتۆرۆریستەبەمەبەستی بەدواداچون ولێکۆڵینەوەلە ئەوهەوڵە تیرۆریستی یەدەستگیرکران وبریابولەئەنجامی لێکۆڵینەوەکان خەڵکی کوردستان ئاگادارbکێتەوەولایەنی تاوانبارایش دەست نیشان بکرێت،بەلآم ئەم جارەیان سەرەرای هەرەشەی توندوتیژلەئەنجام دەرانی ئەوهەوڵەتیرۆریستی یەوسەرلەنوێ ئاڵۆزبونەوەی پەیوەندی یەکانی ئەوتاقمەو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وهەرەشەی هەڵوەشاندنەوەی ئاگربەستی یەك لایەنە لەلایەن پشتیوانانی ئیسلامەوە، بەپێی هەواڵەکانی ناوخۆی کوردستان دیسانەوەجارێکی تر رۆژانی ١٨و٢٠٠٢/٤/١٩کەعبدالرحمان عبدالرحیم لەلێدوانەکەیدابۆهەفتەنامەی هاوەلاتی ئاشکرای کردلە شاری سلێمانی ولەمەڵبەندی بزوتنەوەی ئیسلامی

یەکێتی وئەوتاقمەتیرۆریستە وبەناوبژیوانی بزوتنەوەی ئیسلامی سازش وکۆبونەوەکانی خۆیان دەست پێ کردەوە، بە پێی هەواڵێکی ترکەهەفتەنامەی (هاوڵاتی) لەژمارەی (٧١) ڕێکەوتی ٢٠٠٢/٥/٦ بڵاوی کردۆتەوە دیسانەوە(پشتیوانانی ئیسلام)هەرەشەی هەڵگیرسانەوەی شەرلەیەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەکات وملاکرێکار امیری پشتیوانانی ئیسلام لەوتاری رۆژی هەینی دالەبیارە رای گەیاندوەکەئەگەریەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەماوەی ٧٢کاتژمێردامانگانەبری (٨٠٠٠٠٠)دینارنەبرێتەوەبۆیان وسەرجەم گیراوەکانی سەربەوتاقمە تۆمەت باربەروداوەکەی ماڵی بەرهەم ساڵح ئازادنەکات ئەواشەری خۆی لەدژی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەست پێ دەکاتەوە،هەروەها بەرپرسێکی (ی ن ك )یش کەنەی ویستوەناوی خۆی ئاشکرابکات لەلێدوانێکی دابۆهەفتەنامەی هاوڵاتی ئەم قسانەی پشت راست کردۆتەوەو وتویەتی ئەوانەهەرەشەمان لێ دەکەن وداوای پارەمان لێ دەکەن ودەڵێن دەبێ وەك هێزێکی سیاسی ئیعترافمان پێ بکەن یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش دەڵێت لەدوای ڕێککەوتن لەگەڵیاندائامادەین داخوازی یەکانیان قبوڵ بکەین، بەڵام گفتوگۆتائەمرۆش هەربەردەوام بوەوپێ دەچێت ئەنجامی ئەودانیشتنانەی دوای رەزایەت بەخش بوبێتن بۆیەئێستاکەمێك هەرەشەکانیان خاوکردۆتەوە ، وهەروەهاهەڵگورداحمد مستەفا ئەندامی شورای پشتیوانانی ئیسلام لەرون کردنەوەیەکیدابۆهەمان سەرچاوەئەوهەواڵەپشت راست دەکاتەوەکەیەکەم کۆبونەوەی نەهێنی لەماڵی عبدالرعمان عبدالرعیم بوەودەڵێت خۆم نوێنەری جندالأسلام بوم لەودانیشتنەداو(شەوکەتی عاجی مشیر)نوێنەری نوێنەری (جلال تاڵەبانی)بوکەهێشتامەکتەبی سیاسی یەکێتی ئاگای لەوکۆبونەوەنەهێنی یانەنەبوە، هەروەهادەڵێت ئێمەبەهیچ جۆرێك ڕێگانادەین دەسەڵاتی حکومەت لەناوچەی ئێمەدابەرقەراربێت لەبەرئەوەشەرعی یەن قبوڵمان نی یە،بەم جۆرەلەژێر فشاری سندانی جمهوری ئیسامی ئێران وچەکوشی هەرەشەی بەردەوامی پشتیوانانی ئیسلام تائێستاش یەکێتی نیشتیمانی کوردستان نەی توانیوەسەرەتایترین زانیاری سەبارەت بەهەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆکی حکومەتەکەی خۆی بەرهەم ساڵح رابگەیەنێت وئاشکرابکات ولەژێرفشاری هەرەشەی ئەوتاقمەتیرۆریستەدازوربەی گومان لێکراوە دەستگیرکراوەکانیشی ئازادکردوە،ئەنجامی کۆبونەوەکانی ئەم دوایانەی یەکێتی نیشتیمانی وئەوتاقمەتیرۆریستەگەیشتۆتەئاستێك حکومەتەکەی سلێمانی خەریکەتەواوی جینایەتەکانی ئەوتاقمە لەبیر خەڵکی کوردستان دەباتەوەوشەخسی جلال تاڵەبانی لەدیدارێکی پشتی پەردەدالەگەڵ نوێنەرانی ئەوتاقمە،دەڵێت ئەوانەش خەڵکی وڵاتەکەی خۆمانن وبەپێی تازەترین هەواڵ یەکێتی نیشتیمانی دەیەوێت هەربەتەواوی شەرعی یەت ورەسمی یەت بەوباندەتیرۆریستەبدات وکارئاسانی یان بۆدەکات بۆهاتوچۆی شارەکان ومیزانی یەتاییەتی یان لەدارایی حکومەتەکەی سلێمانی دابۆتەرخان دەکات هەروەك بۆباقی باندەتیرۆریستەکانی ترلەسلێمانی تەرخانی کردوە،ئەمەش لەباشترین حاڵەتدایەعنی پاشەوپاش بردنەوەی فەرهەنگ ومەدەنی یەتی کۆمەڵگابەرەوتاریکستان وداسەپاندنی فەزای کۆنەپەرستانەبەسەرخەڵکی کوردستاندا،یەعنی فراوان کردنی مەیدانی جەهل خورافات وئیرهاب وتیرۆروتۆقاندن وبەگشتی نائارام کردنی کوردستان، دیاردەی تیرۆریزم لەناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێی نیشتیمانی دابەرادەیەك گەشەی کردوەتەنانەت ناوماڵی سەرۆکی حکومەتەکەشیانی گرتەوە، گەشەکردنی ئەم دیاردەیەلەئەنجامی ئەوکارئاسانی یەداهاتوە کەیەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەتاییەتی لەدوای جەولەی یەکەمی شەرەکانی ناوخۆدابەمەبەستی مسوەگەرکردنی دۆستایەتی وپشتیوانی جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی

www.kurdistannet.org
14/05/2002 19:24

**ئێران بۆحیزبەکەی خۆی لەبەرامبەر رەقیبەکەیدا(پارتی)بۆباندەتیرۆریستەکانی دەوڵەتی ئێران لەکوردستان پێشکەشی کردوە،ئێستاسەرجەم باندەتیرۆریستەکانی جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران لەناوچەکانی ژێردەسەلاتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانداشەرعی یەت ورەسمی یەتیان پێدراوەوچەندین وەزارەتی گرنگ یان تەسلیم کراوەو بەملیۆنەهادینار یان لەمیزانی یەی حکومەتی یەکێتی نیشتیمای کوردستان لەئیختیارنراوە ولەماوەی ئەوچەندساڵەدائەوباندەتیرۆریستانەبەتەواوی دەستیان ئاواڵەبوەبۆتیرۆرکردنی خەڵکانی مودێرنیزم ئازادیخوازوتیرۆرکردنی ژنان لەکوردستان وهەمیشەلەلایەن حکومەتی سلێمانی یەوەچاوپۆشی لەکارەتیرۆریستی یەکانیان کراوەو وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچون،بەهۆی پێشکەش کردنی ئەم کارئاسانی یەی حکومەتی سلێمانی بۆئەودەستەوتاقمەکۆنەپەرستانە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان راستەوخۆبەرپرسیارەلەبەرامبەرتەواوی ئەوکارەتیرۆریستی یانەی کەلەکوردستان لەلایەن ئەوباندەتیرۆریستانەوە ئەنجام دراون وئەنجام ئەدرێن وبەگشتی بەرپرسیارە لەبەرامبەر گەشەکردنی دیاردەی تیرۆریزم لەوناوچەیەدا،هەرەشەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆبەگژداچونەوەی تیرۆریستان وریشەکێش کردنی دیاردەی تیرۆریزم لەکوردستان جگەلەچەواشەکردنی سەرنج ورای گشتی وخاوکردنەوەی رق وتورەیی خەڵکی کوردستان وپێشمەرگەکانی خۆی لەبەرامبەرئەودەستەوتاقمەتیرۆریستانەبەولاوەشتێکی ترنی یەوبەجۆرێك کەوتۆتەداوی جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێرانەوە تازەناتونێت گوفتارەکانی بکاتەکرداروله‌ژێرباری ئەومسئولیتەخۆی دەربازبکات،سازشی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەگەڵ ئەوباندەتیرۆریستانەجگەلەکارئاسانی ودەست ئاواڵەکردنی ئەوان بۆگەشەپێدانی دیاردەی تیرۆریزم هیچ جۆرە بەرژەوەندی یەکی خەڵکی کوردستانی تێدانی یە**

**١٢-٥-٢٠٠٢ هۆڵند**

**سەرچاوەکان**

**هەفتەنامەی هاوڵاتی**

**ژمارەکانی ٦٩و٧٠و٧١**

© Kurdistan Net